**ئاگاداری زانیاری بۆ پەنابەران و پەناخوازان لە عێراق سەبارەت بە پرۆسێسکردنی زانیارییە کەسییەکانیان لەلایەن کۆمسیاری باڵا و حکومەت و هاوبەشەکانەوە**

## ئێمە کێین؟

کۆمسیاری باڵا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی پاراستنی مافی پەنابەرانی پێدراوە. هەروەها کۆمسیاری باڵا پاڵپشتی ئەو پەنابەرانەی پێشوون کە گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، و ئەو کەسانەی ئاوارە بوون لە وڵاتەکەی خۆیان، و ئەو کەسانەی کە بێ دەوڵەتن یان ناکۆکی ڕەگەزنامەیان لەسەرە. لە عێراق، کۆمسیاری باڵا هاوکاری دەسەڵاتداران دەکات لە پێشکەشکردنی پاراستن و هاوکاری مرۆیی بۆ کەسانی ئاوارەی بەزۆرەملێ و بێ دەوڵەت و هەماهەنگی گەیاندنی هاوکاری لە نێوان چەندین ڕێکخراوی مرۆیی و پێشکەشکاری خزمەتگوزاری.

## داتای کەسی چییە؟

هەر داتایک کە پەیوەندی بە تاکێکەوە هەبێت کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئاشکراکردنی ناسنامەکەی بە داتای کەسی دادەنرێت. داتای کەسی بریتییە لە داتای ژیاننامەیی وەک ناو، ڕەگەز، باری هاوسەرگیری، بەروار و شوێنی لەدایکبوون، وڵاتی ڕەسەن، داتای بایۆمەتری وەک وێنە، پەنجەمۆر، وێنەی دەموچاو یان  وێنەی تۆڕی چاو و هتد.

## بۆچی ئێمە داتای کەسی تۆ کۆدەکەینەوە؟

داتایە کەسییەکان کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی کۆمسیاری باڵا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئێمە داتاکانی تۆ دەخەینە ناو بنکەدراوەی خۆمانەوە بۆ دامەزراندنی ناسنامەی کەسی تۆ و گرتنی زانیارییە ژیاننامەییەکەت. هەمان پرۆسە بۆ هەموو ئەندامانی خێزان دووبارە دەبێتەوە و بە تۆمارکردن ناسراوە. پاشان داتا کەسییەکانت بەکاردەهێنرێن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پاراستن و یارمەتیت بە پشتبەستن بە پێداویستییەکانت و بەپێی مەرجەکانی شایستەیی هەندێک بەرنامە.

## چ جۆرە داتایەکی کەسیمان پێویستە و چۆن بەکاری دەهێنین؟

کۆمسیاری باڵا پێویستی بە داتای کەسی تۆ دەبێت ، لەوانە:

١. ناوی تەواو، ناوی دایک، ڕەگەز، بەرواری لەدایکبوون، وڵات، و ناوچەی ڕەچەڵەک، شوێنی لەدایکبوون، نەتەوە، خوێندن و پیشە، هۆکارەکانی جێهێشتنی وڵاتی ڕەسەنەکەت، و نیگەرانییەکانت لەم پەیوەندییەدا، بەروار و شێوازی هاتنت بۆ عێراق، باری هاوسەرگیریت، پێکهاتەی خێزانەکەت، مێژووی سەربازیت وەک پەیوەندیدار و پەیوەندی سیاسی و ئایینیت.

٢. زانیاری پێویست سەبارەت بە هەر پێداویستییەکی تایبەت (بۆ نموونە، بارودۆخی تەندروستی) کە ڕەنگە تۆ یان ئەندامانی خێزانەکەت هەتبێت بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن بە یارمەتی و پشتیوانی زیاتری ئامانجدار<

٣. ڕووداوە گەورەکانی ژیان لە وڵاتی ڕەسەن و وڵاتی پەنابەری

٤. کۆپی بەڵگەنامەکان

٥. وێنە و پەنجەمۆر و وێنەی تۆڕی چاو بۆ ناسینەوە و دابەشکردنی هاوکاری

٦. زانیاری پەیوەندی (وەک ناونیشانی تەواو و ژمارەی تەلەفۆن لە عێراق) بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندیت پێوە بکات.

داتایە کەسییەکانت بۆ ماوەی پێویست دەهێڵرێنەوە بۆ ئەوەی کەیسەکەت بۆ یارمەتی و خزمەتگوزارییەکانتان پێبدرێت یان لەبەرچاو بگرن. لەوانەیە ئێمە داتایە کەسییەکانی تۆ زیاتر بهێڵینەوە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لە بەرنامەکانمان نیشان بدەین لە کاتی پێویستدا .
کۆمسیاری باڵا هەندێک لە داتایەکانت بۆ هەمیشە هەڵدەگرێت و هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دەگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو جۆرە داتایانە و دڵنیابوون لە ئاسایشی داتایەکان بەگوێرەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

داتایە کەسییەکانت بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەنها ئەو کەسانە دەتوانن دەستیان پێ بگات کە ڕێگەپێدراون و پێویستیان بە بینینی هەیە. داتاکانت بەپێی چوارچێوەی پرۆسێسکردنی داتایە کەسییەکان بەڕێوەدەبرێن، کە بەپێی سیاسەتی گشتی کۆمسیاری باڵا سەبارەت بە پاراستنی داتای کەسی و پاراستنی نهێنی کە لە ساڵی 2022 دامەزراوە بڵاوکراوەتەوە.

## کێ دەستی بە داتاکانت دەگات؟

ستافی ڕێگەپێدراوی کۆمسیاری باڵا و هاوبەشەکانی لەوانەش کارمەندانی تۆمارکردن و کەیسەکان دەتوانن داتاکانت بخوێننەوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. دەستڕاگەیشتنی کارمەندانی ڕێگەپێدراو بۆ داتاکانت پەیوەندی بە ڕۆڵ و پلەی هەر کارمەندێک هەیە و بەمجۆرە هەموو کارمەندانی کۆمسیاری باڵا یان هاوبەشەکان هەمان دەستڕاگەیشتنیان نییە.

کۆمسیاری باڵا داتا کەسییەکانی تۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق هاوبەش دەکات بۆ i) ناساندنی تۆ وەک کەسێک کە داوای مافی پەنابەری لە عێراق دەکات، ii) بەشداریکردنت لە سیستەمی پەنابەری نیشتمانی لە شوێنێک کە بتوانرێت و کارپێکراو بێت، iii) ئاسانکاری بۆ ڕێکخستنی شوێنی نیشتەجێبوونت لە عێراق و دەرکردنی بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان وەک کارتی سەلماندنی کەسێتی یان مۆڵەتی نیشتەجێبوون کە دەستڕاگەیشتن بە مافەکانت لەوانەش خزمەتگوزارییە گشتیەکان وەک لە یاسا و یاسا پەیوەندیدارەکانی عێراقدا دیاریکراوە. داتایە کەسییەکان کە دەتوانرێت لەگەڵ حکومەتدا هاوبەش بکرێن بریتین لە ناوی تەواو، بەرواری لەدایکبوون، شوێنی لەدایکبوون، بەرواری تۆمارکردن، بەرواری گەیشتن، قەبارەی خێزانەکەت، ژمارەی تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵا و وڵاتی سەرچاوە، جگە لە ناونیشان و وردەکارییەکانی پەیوەندیکردن (ژمارەی تەلەفۆن).

لەو شوێنانەی کە پێویست بەهاوکاری بێت و هەماهەنگی بکرێت، ڕەنگە داتایە کەسییەکانت لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان و دامەزراوە حکومییەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی دیکەدا هاوبەش بکرێن کە یارمەتی پەنابەران و پەناخوازان لە عێراق دەدەن. داتایە کەسییەکان کە دەتوانرێت بۆ مەبەستی یارمەتیدان هاوبەش بکرێن بریتین لە ناوی تەواو، باری هاوسەرگیری، بەرواری لەدایکبوون، شوێنی لەدایکبوون، قەبارەی خێزان و ڕەگەزنامە، جگە لە ناونیشان و وردەکارییەکانی پەیوەندیکردن (ژمارەی تەلەفۆن). سەرەڕای ئەوە، پێداویستی تایبەتەکان لە پەیوەندی لەگەڵ کەیسەکەت هەبێت و یارمەتییە پێویستەکان لەوانەیە لە ئەگەری پێویستدا هاوبەش بکرێن.

**لە هیچ بارودۆخێکدا ئێمە داتایە کەسییەکانی تۆ لەگەڵ حکومەتی وڵاتی ڕەسەنەکەتدا هاوبەش ناکەین بەبێ ڕەزامەندی تۆ.**

## پێویستە چی زیاتر بزانیت؟

تۆ لە ژێر ئەرکێکدایت کە ڕاستییەکان بڵێیت. واتە دەبێت ئەوەی دەیزانیت بیگێڕیتەوە، نەک ڕاستییەکان بشێوێنیت، هەڵیانبگریت یان بیشاریتەوە. ئەگەر تۆ هەر زانیارییەکی چەواشەکارانە بدەیت یان ڕاستییە مادییەکان بشاریتەوە، ئەمە ڕەنگە لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کەیسەکەت هەبێت. بە هەمان شێوە، ئەگەر تۆ زانیاری یان بەڵگەنامەی درۆ، چەواشەکاری پێکهاتەی خێزان یان بارودۆخی کەسی پێشکەش بە کۆمسیاری باڵا بکەیت، ئەوا ئەو جۆرە کردارانە وەک ساختەکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و مامەڵەکردنی کەیسەکانت ڕادەگیرێت.

بڕیارەکان سەبارەت بە شایستەیی تۆ بۆ یارمەتی لەلایەن کارمەندانی کۆمسیاری باڵا و/یان کارمەندانی هاوبەشەکەیەوە دەدرێت.

داتاکانت لەگەڵ کۆمسیاری باڵا پێویستە تا دەتوانیت نوێ بن و بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە کە تۆ لە هەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بارودۆخەکەتدا ئاگادارمان بکەیتەوە، لەوانە گۆڕینی ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکەت، هاتن یان ڕۆشتنی ئەندامانی خێزانەکەت، لەدایکبوونی تازە، مردن یان هەر گۆڕانکارییەکی دیکە لە ماڵەکەتدا. دەتوانیت داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ تیمی تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵا بکەیت بە پێشکەشکردنی داواکارییەک کە لە ڕێگەی ماڵپەڕی یارمەتی کۆمسیاری باڵا https://help.unhcr.org/iraq

لە هەموو چالاکییەکانی پرۆسێسکردنی داتادا لەوانەش هاوبەشکردنی داتا، کۆمسیاری باڵا بنەماکانی **کەمکردنەوەی داتا**، **پێویستی** و **ڕێژەیی** بەکاردەهێنێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەنها زانیارییە پێویست و کەمترینەکان هاوبەش دەکرێن و ڕێژەیی دەبن لەگەڵ ئەو سوودەی کە دەبێت لەلایەن ئەو کەسانەوە وەربیگرن کە کۆمسیاری باڵا لەگەڵیاندا کاردەکات و بۆیان کاردەکات.

## مافەکانی تۆ چین؟

تۆ مافی ئەوەت هەیە ئاگادار بکرێتەوە لە پرۆسەی تۆمارکردن، ئامانجەکەی، ئەو داتایانەی کە کۆیان دەکەینەوە وەک چۆنێتی بەکارهێنانی. تۆ مافی ئەوەت هەیە تێبگەیت کە چی یاخود ئەگەرهەر داتایەک هاوبەش بکرێت، لەگەڵ کێ و بۆ چ مەبەستێک. تۆ مافی ئەوەت هەیە دەستت بگات بە داتایە کەسییەکانت. تۆ مافی ڕاستکردنەوە یان نوێکردنەوەی داتایە کەسییەکانت هەیە. بەپێی هەندێک مەرج، تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای ئەوە بکەیت کە ئێمە داتایە کەسییەکانت بسڕینەوە. تۆ مافی ئەوەت هەیە لە هەر کاتێکدا ناڕەزایەتی دەرببڕیت بەرامبەر بە بەکارهێنانی داتایە کەسییەکانت. تکایە ئاگاداربن کە دەتوانن بە پەیوەندیکردن بە ئێمەوە لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەی خوارەوە و مافەکانتان بەکاربهێنن.

تکایە ئاگاداربە کە پرۆسێسکردنی داتایە کەسییەکانت پێویستە بۆ ئەوەی کۆمسیاری باڵا ئەرکەکانی خۆی بگێنێت بۆیە ئەگەر تۆ نارەزایەتیت هەڵبژارد لەوانەیە نەتوانیت دەستت بگات بە تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵا و بەپێی ئەو خزمەتگوزارییانەی پاراستن کە لەلایەن کۆمسیاری باڵا و هاوبەشەکانیەوە پێشکەش دەکرێن.

## خزمەتگوزارییەکانی کۆمسیاری باڵا و هاوبەشەکانی – بێ بەرامبەرن

١. خزمەتگوزارییەکانی کۆمسیاری باڵا بەبێ بەرامبەر پێشکەش دەکرێن. کۆمسیاری باڵا لێبوردەیی سفری هەیە بۆ ساختەکاری.
٢. ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە کار بۆ کۆمسیاری باڵا یان هاوبەشەکانی دەکات و داوای پارە یان چاکە سێکسییەکانت لێدەکات، لە بەرامبەر هاوکاری یان پشتگیری، تکایە دەستبەجێ ئەمە ڕاپۆرت بکە بۆ کۆمسیاری باڵا. ئەگەر هەر زانیارییەکت هەبوو لەسەر هەر کارێکی ساختەکاری، پێویستە ڕاپۆرتی بکەیت.
٣. لە ئەگەری هەر زانیارییەک لەسەر هەر کردەوەیەکی ساختەکاری یان زانیارییەک بۆ ڕاپۆرتکردن، داوات لێ دەکرێت کە ئەمانە ڕاپۆرت بکەیت بۆ کۆمسیاری باڵا. ئەو زانیاریانەی کە لەگەڵ کۆمسیاری باڵا هاوبەشی دەکەیت بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
٤. ئەگەر هەوڵ بدەیت پارە پێشکەش بە هەر کەسێک بکەیت کە بەشدارە لە پرۆسەکانی کۆمسیاری باڵا، ئەمە بە ساختەکاری دادەنرێت و دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بۆ کەیسەکەت دەبێت.

## چۆن دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت؟

ئەگەر دەتەوێت داواکارییەک بکەیت یان سکاڵا تۆمار بکەیت سەبارەت بە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتایە کەسییەکان، دەتوانیت بە پەیوەندی بە ستافی کۆمسیاری باڵا بکەیت لە کاتی چاوپێکەوتنی تۆمارکردن یان چاوپێکەوتنەکانی دواتری پشتڕاستکردنەوە و نوێکردنەوە یان پاراستن؛ دەتوانی کاتێکی تۆمارکردن وەربگری بە سەردانی ماڵپەڕەکەمان https://help.unhcr.org/iraq
هەروەها دەتوانیت سندوقە سکاڵا بەکاربهێنیت کە لە هەموو شوێنەکانی تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵا و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بەردەستە کە لەلایەن هاوبەشەکانی کۆمسیاری باڵا بەڕێوەدەبرێن.
ئەگەر تۆ یان ئەندامانی خێزانەکەت نیگەرانی یان زانیاریتان هەبێت سەبارەت بە ئەگەری هەڵسوکەوتی نادروست لەلایەن کۆمسیاری باڵا یان کەسێک یان لایەنێکی ترەوە کە لەلایەن کۆمسیاری باڵاوە گرێبەستی لەگەڵ کراوە، لەوانە ئەوەی پەیوەندی بە مامەڵەکردن لەگەڵ داتایە کەسییەکانتەوە هەیە. لەو حاڵەتەدا، دەتوانن پەیوەندی بە نووسینگەی پشکنەری گشتی کۆمسیاری باڵا بکەن(IGO)

ئیمەیڵ: inspector@unhcr.org
فاکسی نهێنی: +41 22 739 7380
ناونیشان: UNHCR, 94 Rue de Montbrillant, 1202 Geneva, Switzerland

بەڵام تکایە ئاگاداربن کە **IGO** دەسەڵاتی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی پەیوەست بە پاراستن یان یارمەتیدا نییە.